# ئیلام Elam

سەید کەماڵ ئیبڕاهیمی
Kiaksar٢٧٠٥@yahoo.com

ئەم باسە پێوەندی هەیە بە مێژووی شارستانییەتی کۆنی باشووری کوردستان بە ناوی ئیلام، کە مێژووی ئەم شارستانییەتە دەگەڕێتەوە بۆ (٤٥٠٠ تا ٥٠٠٠ پ.ز) بە پێی ئەو سەرچاوانەی وا باسی دەکەین. بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە لە دوارۆژدا پشکنین لە شوێنەوارەکانی پاشماوەی شاری شوش یان سوس، پێتەختی ئیلام بکرێت، زۆر ئەڵقەی ونبووی بازنەی مێژوویی ئەم شارستانییەتە بدۆزرێتەوە.

"هەموو لێکۆڵەروان بەم بڕوانە کە شارستانییەت لە پێش دا لە دۆڵی قەراخی ڕۆبارەکانەوە دەستی پێ کردوە و لە دوایی دا ڕووی کردۆتە شاخەکان"(١) بێ گومان شارستانییەتی ئیلام کە لە قەراخی ڕووباری کارون لە باشووری کوردستان دەستی پێ کردوە تا قەراخی کەنداو کێشراوە و لە دوایی دا کە لە گەڵ شارستانییەتەکانی سومری و بابلی تێکەڵ بووە، خەڵکی ناوچەکانی زاگرۆس وەك گۆتی و لولوبی کەڵکیان لە دەسکەوتەکانی ئەو شارستانییەتە وەرگرتوە.

"ژمارەی ئەو هۆز و میللەتانەی کە لە کوردستان ژیاون و ناویان هاتوە و مێژوو باسیان دەکات، کاردۆخییەکان و گۆتییەکان و ئۆرارتۆکان و لولوبییەکان و زاگرۆسی و زاموایی و ئیلامییەکان و زۆری تر..."

بەڵام ئەوەی سەرنجڕاکێشە، ئیلامییەکان جیاوازییەکی تایبەتیان لە گەڵ ئەو هۆز و میللەتانە هەیە، ئەویش ئەوەیە کەمتر هەوڵی داگیرکردنی دەوڵەتانی تریان داوە و بە دەگمەن بەرەنگاری هێزە هێرشبەرەکان بوونەتەوە. "بە هۆی ڕێگەی بازرگانی لە کەنداوەوە بۆ میزۆپۆتامیا بە ناو (سوسیانا)دا تێدەپەڕێت، لە دەوروبەری (٤٥٠٠ پ.ز)، لەوانەشە زۆرتر، چەند سەنتەرێکی ناوچەکانی دەوروبەر بووبن بە خاوەن دەسەڵاتێکی زاڵ لە ڕووی ڕامیاری و ئابووری"(٣) وا دەردەکەوێ کە هێرشی دەوڵەتانی تر بۆ سەر ئیلام بووبێت. بەڵام بەرەنگاری نەکردنی ئەوان لە ڕووی ڕامیارییەوە بووبێت و هێزی داگیرکەریان لە نێوان خۆیان دا تواندبێتەوە.

"ئیدوارد شی یرا" ئەم شارستانییەتە ئاوا بە ئێمە دەناسێنێ: "ئیلام ناوی قەوم و شارستانییەتێکی کۆن و مێژووییە کە لە شوێنی ئێستای خوزستان لە (٤٠٠٠ پ.ز) هەبووە و قەدیم بە ناوی شوشیانا و سوسیانا Susiana ناودێر کراوە."(٤) بەڵام لە شوێنی تردا لە سەر ناوی ئیلام بۆچوونی جیاواز هەیە. لە کتێبی فەرهەنگی باشووردا لە سەر ناوی ئیلام ئاوا دەنووسن:

(ئیلام _ زێز ئەولام _ شاز ئیلام ناو زۆنەی ((دێوالا)) بوویە." هیچکام لە سەرچاوەکان باسی ناوی کۆنی ئیلام وەك ئەم ناوی ((دێوالا)) ناکەن. ئەم ناوە زۆر غەریبە و قەت باسی نەکراوە. "ئیدوارد شی یرا" کە خۆی لەم ناوچەیە لە سەر شوێنەواری ئەم شارستانییەتە زۆر بەڵگەی بە دەستەوەیە، دەڵێت: "شوش Susa یا Shushan پێتەختی دەوڵەتی ئیلام، ئەم شارە زۆر کۆنە و کەلاوەکانی لە نزیکەی ڕۆباری کەرخەی شاری شوشەوە هێشتا ماوە."(٦) بەڵام ئیلام زۆر شتی ماوە باسی لێبکرێ وەکوو زمان، ڕێنووس، ئایین، کولتوور و پیشەی خەڵکی ئەم شارستانییەتە. "زمانی ئیلام (عیلام) بە یەکێك لە کۆنترین زمانەکان دەژمێردرێ، ئەو زمانەی کە خاوەنی خەت و (پیت_ئەلف ، بێ)ی خۆی بووە."(٧) بەڵام کۆنترین بەڵگەیەك کە باس لە پێوەندی ئیلام لە گەڵ هۆزەکانی تر دەکات، پێوەندیی ئیلام و گۆتییە. شایانی باسە لە نێوان ئەو هۆزانەدا وەك گۆتی، لولوبی، کاشی و ئیلامی و بابلی دەسەلات جێبەجێ کراوە، بەڵام هەوڵی لە ناوبردنی شارستانییەتی یەکتریان نەداوە و خەڵکی یەکتریان کۆکوژ نەکردوە، بەڵام هەر ئەم هۆزانە وا لە یەك ڕەچەڵەك و نەژاد بوون لە بەرامبەر ئاشوورەکاندا وا نەبوون، زۆر جار هەوڵی بنبڕکردنی ئاشووریان داوە.

"لەشکری گۆتییەکان لە (٣٦٠٠ پ.ن) روویان کردە جیهانگیری، لە ئەنجام دا کیشوەری سومەر و ئەکەد و ئیلامیان خستە سەر کیشوەری گۆتییەوە."(٨) لە شوێنی تردا باس لەم هێرشە کراوە، بەڵام باسی کاولکردنی ئیلام ناکرێت. سەرچاوەکان باسی بە دەستەوە گرتنی دەسەلات لە لایەن گۆتییەوە دەکەن، بەڵام شارەکانی ئیلام و شارستانییەتی ئەم ناوچە هەر ماوە. "ئیلامییەکان لە (٣٦٠٠ پ.ن) کەوتنە ژێر دەستی دەوڵەتی گۆتی و باج و سەرانەیان دەدا بە (شاگۆتا) شای گۆتییەکان."(٩) زۆر جار هەڵە دەکرێ لە سەر ناسینی نەژادی گۆتی و دانیشتوانی پێشووی کوردستان پێش لەوەی ئارییەکان بێنە کوردستان، ئەم شوێنە ئاوەدان بووە و زۆر شارستانییەتی لێ بوون، وەك گۆتی و لولوبی و کاشی و ئیلامی و ئارییەکان لە گەڵ ئەو هۆزانەدا تێکەڵاو بوون.

"هەر چەند ئیلامییەکان لە نەژادی ئارییەکان نەبوون، وەکوو دەردەکەوێ زۆر پێش ئارییەکانی ئێرانی ئەمڕۆ لە خوزستان جێگای خۆیان گرتبوو."(١٠) لە سەر ڕێنووس و خەتی ئیلام لە گۆڤاری هەزارمێرددا، باس دەکرێ کە خەتی ئەو ناوچەیە تا سوریە و تورکیە و عێڕاق کەڵکی لێوەرگیراوە. "دەقەکانی خولی وەرکا (٣٣٠٠ پ.ن) هەر دوو چینی چوارەم وسێهەم و خولی (جمده نصر) و تا (٢٩٠٠ پ.ن) دەقەکانی گردی بەراك لە سوریە، لە دەرەوەی عێڕاق ئەو دەقانە وەك ئیلامی وان."(١١) باسی ئەوە کراوە نووسراوەی کۆنی ئیلام ڕێنووسی بزماری(میخی) بووە، بەڵام شوێنەوارناسانی فەڕانسەوی کە لە تەپۆلکەکانی ئەو ناوچەیە گلێنەوە و کاسە و گۆزەی ئەو سەردەمەیان دۆزیوەتەوە، لە سەر ئەو ئاسەوارانە نووسراوەیەك هەیە کە وەك خەتی بزماری نییە.

"لە شاری شوش تاتەقوڕینەیەکی زۆریان دۆزیوەتەوە، هێشتا نەیانتوانیوە نوسراوەی سەر ئەو تاتەقوڕینانە بخوێننەوە. مێژووی ئەو تاتەقوڕینانە دەگەڕێتەوە بۆ (٢٥٠٠ تا ٣٠٠٠ ساڵی پ.ن)."(١٢)

دەکرێ ڕێنووس و خەتی ئەم شارستانییەتە لە گەڵ گڵێنەکانی ئەو ناوچە بۆ شاخەکان و باکوور و ڕۆژئاوای ئەو ناوچەیە چووبێت. "وان و ئیلام هەر دوو زمانی تایبەتی خۆیان هەبوو کە لە زمانەکانی مێزۆپۆتامیایی نەدەچوون، بەڵام ئەوانەی قسەیان پێ دەکرد کەڵکیان لە خەتی بزماری وەردەگرت."(١٣)

کاتێك باس لە پێوەندی بازرگانی و ئابووری دەکرێ و گڵێنەکانی ئەو ناوچەیە دەڕوات بۆ باکوور و خەتی ئەو ناوچەیە لە چەند شوێنی تر کەڵکی لێوەردەگرن. کاتێك زمان و خەت بڵاوەی کرد، ئایین و بۆچوونی ئایینیی ئیلامیش پەرەی سەندبوو. "لە بواری ئایینیشەوە ئیلامییەکان پێوەندییەکی زۆریان لە گەڵ نێوان دوو ئاوان دا هەبوو. کۆمەڵگەی پێشووی دایك سالاری سومەری و ئیلامی هەر دوو خواوەندێکی بەهێزیان دەپەرەست."(١٤) ئیلامییەکان زۆرتر لە گەڵ بابلیەکان تێکەڵاو بوون لە بواری جوگرافییەوە لە یەکتر نزیك بوون.

"لەوحەی یاساکانی حمورابی پێشتر لە ساڵی (٢٠٨٠ی پ.ز) لە شاری نیپ پوور بوو، لە دواییدا پاشایەکی ئیلامی لە دوای داگیرکردنی بردێوە بۆ شوش."(١٥) بەڵام ئەو شەڕ و پێکدادانەی نێوان بابل و ئیلام تەنیا بۆ لابردنی دەسەڵات بووە و هەوڵی کاولکارییان نەداوە. "ئیلامییەکان و بابلەکان دەیانتوانی خوداوەندەکانی خۆیان و خوداوەندەکانی تری نێوان دوو ئاوان لە یەك پەرستگا دا بپەرستن."(١٦) لە دوای ئەوەی ماوەیەك دەسەڵات لە بابل دا بە دەستی ئیلامییەکانەوە بوو، دەسەڵات گەیشت بە هۆزێکی تر لە کوردستان بە ناوی کاشییەکان. "کاشییەکان لە (١٥٩٥ی پ.ز) بابلیان داگیر کرد و ماوەی دەسەڵاتیان ٤٠٠ ساڵی خایاند.(١٥٩٥ تا ١١٦٢ی پ.ز) پاشان ئیلامییەکان هێرشیان بردە سەریان و کۆتاییان بە دەسەڵاتیان هێنا. ئیلامییەکان شوێنی کاشییەکانیان گرتەوە، دواتریش زنجیرەیەکی نوێ بابلیان پێکهێنا."(١٧)

لە شوێنی تردا باس لەوە دەکرێ کە بۆ داگیرکردنی بابل لە لایەن ئیلامییەکانەوە، کاشییەکان خۆیان هاندەریان بوون و چەند جار هێرشیان کردۆتە سەر ئیلام. "کۆریکالزۆی سێهەم (١٣٤٥ تا ١٣٤٢ی پ.ز) ئەو پاشایەی کاشی(کاسی)ە کە هێرشی بردۆتە سەر ئیلام و شاری شوشی داگیر کردوە."(١٨) لە دوای ئەو پەلامارانەدا بوو کە ئیلام هێز و توانای خۆی کۆ کردۆتەوە و بەرەنگاری هێرشی کاشییەکان بۆتەوە. "شەڕ و پەلاماری ئیلام لە ساڵی (١١٦٠ی پ.ز) بۆ سەر بابل"(١٩) چەند جار ئەم هێرشە کرا بەڵام ئیلامییەکان سەرکەوتنیان بە دەست نەهێنا و دوایین جار توانیان دەسەڵاتی بابل بگرنە دەست. "کاسییەکان یا کاشییەکان تووشی گورزی قورستری ئیلامییەکان بوونەوە و هێرشێکی بێ ئامانیان بە سەرکردایەتی (شیلاك_ئەنشیوشتاك) هێنایە سەر کاسییەکان و کۆتاییان بە حوکمی کاسییەکان هێنالە ساڵی (١١٦٠ی پ.ز)دا."(٢٠) ئەو بە دەسەڵات گەیشتنی ئیلامە و هێز و توانای ئابووری و رامیارییە بووە هۆی ئەوە کە دەوڵەتانی تر پەلاماری ئیلام بدەن و هەوڵ بدەن ئیلام داگیر بکەن. ئەو دەوڵەتە نوێیە، ئاشوور بوو. هەڵسوکەوتی ئاشوورییەکان لە گەڵ ئیلام دا وەك گۆتی و لولوبی و کاسی نەبوو. ئەوان هەوڵیان دەدا ئیلام وێران بکەن. "سەنەخریب جێ نشینی سارگۆن لە ساڵی (٧٠٢ی پ.ز)دا بە

لەشکرەکەیەوە بەرەو ڕۆژهەڵات وەڕێ کەوت و بە سەر خاکی ئیلام دا ڕۆیشتن لە ساڵی (٦٩٠ی پ.ز). سەنەخریب هاوپەیمانیی نێوان بابل و ئیلامی تێکدا."(٢١)

وا دەردەکەوێت کە دوای ئە جێگۆڕکێی دەسەڵاتە لە نێوان بابل و ئیلامدا هەوڵی لەناوبردن نەبووە، بەڵام لە بەرامبەر ئاشوور دا یەکگرتوو بوون. "سەنەخریب (٧٠٨ تا ٧٠١ی پ.ز) شای ئاشوور سەرقاڵی جەنگە یەك لە دوای یەکەکاندا بوو لە گەڵ بابل و ئیلام. دەرفەتی ئەوەی نەبوو خەیاڵ بکاتەوە لە هێرش بردنە سەر کوێستانە دووردەستەکانی ماد."(٢٢) ئەو شەڕ و پێکدادانەی نێوان ئاشوور و بابل و ئیلام ڕێگای بۆ پتەوکردنی دەسەڵات لە ماد خۆش کرد، بەڵام شەڕی نێوان ئیلام و ئاشوور بەردەوام بوو.

سەرچاوە مێژووییەکان باس لە هێرشی ئاشوورییەکان بۆ سەر ئیلام دەکەن. دەست بە سەردا گرتن و تێکدانی لە ساڵی (٦٥٣ی پ.ز) کە تیایدا بەیاننامەیەك ڕاگواستنی کوردەکانی ئیلام دیار دەخا بۆ ئەو وڵاتانەی سەر بە ئیمپڕاتووریی ئاشوورن."(٢٣) بەڵام بە ڕاگواستن و کوشتن و کاولکردن هێرشی ئاشوورییەکان تەواوی نەبوو.

"لە ساڵی (٦٤٥ی پ.ز) ئاشوور بانیپاڵ لە کێشەی ئیلام و بابل دەستی بەتاڵ بوو."(٢٤) بەڵام ئەو هەموو شەڕو پێکدادانەی ئیلام و ئاشوور، ڕاوەستانی بۆ ماوەی کاتی بوو، لە دوای چەند ساڵ دەستی پێکردەوە. "ئاشوور بانیپاڵ گۆڕی شای ئیلامییەکانی هەڵکەند و لە گەڵ خۆی دا بردیە ئاشوور. لە دەقێکدا هاتوە: گۆڕی پاشا کۆن و تازەکانیانم هەڵکەند. ئەوان لە شان و شەوکەتی ئاشوورو عەشتار، دوو خوداوەندی پارێزگاری نەدەترسان، ئەوان شاکانی پێش منیان نیگەران کردبوو."(٢٥) شای ئاشوور هەرچی لە دەستی هات لە گەڵ ئیلامییەکاندا کردی و چەند جاری تر پەلاماری ئیلامی دا. "لە ساڵی (٦٣٩ی پ.ز) پاشای ئاشووری، ئاشوور بانیپاڵ هێرشی بردە سەر ئیلام و داگیری کرد."(٢٦) ئاشوور دەسبەرداری ئیلام نەبوو. ئە هەموو هێرشە نەیتوانی ئیلام لە بەین بەرێت و خەڵکی ئەو دەوڵەتە بە باشی بەرەنگاری هێرشی ئاشوور دەبوونەوە. "ماد توانی لە ماوەی دەسەڵاتداری خۆیدا گەلێك ئیمپڕاتوری و دەوڵەت بڕووخێنێ و بیانخاتە ژێر دەستی خۆیەوە، بۆ وێنە ئیمپڕاتوری ئاشوورو هیتی ڕووخاند، فلەستینی داگیر کرد، ئیمپڕاتوری هەزارن ساڵەی ئیلامییەکانی کە لە لای خوارووی ڕۆژهەڵاتی ئێستاکەی کوردستاندا بوو، تێکدا."(٢٧) بەشێك لە سەرچاوەکان ئەو تێکدانەی دەوڵەتی ئیلام بە باشی لێك دەدەنەوە. "جەماوەری سەرەکی میدییەکان لە خێڵی گۆتی، ئیلامی و بە گشتی خێڵی کاسپییەکان پێکهاتبوون. ئەوانە تەنیا زمانی هیند و ئورووپاییە هاتووەکانیان وەرگرتبوو و گۆڕانی تەواوی دانیشتوانەکە ڕووی نەدابوو."(٢٨) ئیلام و گۆتی و لولوبی و کاشییەکان لە گەڵ ئارییەکان تێکەڵاو بوون و مادیان پێکهێنا، شارستانییەتی ئەو دەوڵەتە ون نەبوو بەڵام ڕۆیشتە قۆناغێکی ترەوە و ئەوان بوون لە ساڵی (٦١٢ی پ.ز) پەلاماری نەینەوایان دا و لە مێژووی بەشەری سڕیانەوە و تۆڵەی هەموو ئەو هێرشانەیان بۆ سەر ئیلام و باشووری کوردستان لێ کردنەوە.

٢٥

" شوێنەوارە هەڵکەندراوەکانی شوش، پێتەختی ئیلام، ئەوەیان سەلماند کە بە تەواوی زمان و نووسینی ئیلامی بەو شێوەی کە لە هەزارەی سێهەمی پێش

زایین دا بووە، ئەو روخسارەی لە بەشی دووهەمی نووسراوە هەخامەنشییەکاندا دەردەکەوێ ئەتوانرێت بە شێوەیەکی رەوان شی بکرێتەوە. لێکۆڵینەوەکانی دواییی دەریان خست کە زمانی ئیلامی لە پارس دا بەر لە پارسی بەهادار بووە و لە دەوری هەخامەنشییەکانیشدا دیسان لە پارس دا زمانی ئیداری دەوڵەت بووە."(٢٩)

لە مێژووی کۆنی کوردستان تا ئەورۆ هیچکام لە شارستانییەتەکانی میزۆپۆتامیا نەیانتوانیوە بە ناو بمێنێتەوە، بەڵام ئیلام تا ئێستا هەر ناوی ماوە و بەشێك لە کوردستان پێك دێنێ.

وتەی کۆتایی

لە سەر شارستانییەتی ئیلام سەرچاوە زۆر کەمە و کاری شوێنەوارناسی بە دەستی بێگانەکان کراوە. کە زۆرتر تاڵانچی بوون و زۆر بەڵگە و شوێنەواری ئەو شارستانییەتە لە دەرەوەی وڵاتە و ناتوانین کەڵکی لێ وەربگرین.

**سەرچاوەکان لە ئارشیوی گۆڤاری لاوان دا پارێزراون**